# ئەو شەڕەی کەدەبێ هەموو بەشداری بیین

چنار نامق
chnarnamq@hotmail.com

ئەوان هەر لە ئەزەڵەوە لە ململانێدان لەگەڵ بوون،جەنگ بەرپا دەکەن لەگەڵ سرووشت وچاویان بە جوانی هەڵنایەت ،دەشێ ئەو ئیبلیسەی کە باسی لێوە دەکەن هەر ئەوان بن ،جەنگەکانی ئەوان دژی یاسای خەلیقەتە ،چونکە هەمیشە مرۆڤ دەروخێنن هەرەس بە ژیان دەهێنن ،نایانەوێت رەوتی ژیان بەئاسوودەیی بەرێوە چێت ،خوا پێویستی بەوان نییە پێشرەو بن وببنە جەلادی سەر زەمین ،داخۆ کێن ئەوانەی دەچنە دۆزەخ وکێن ئەوانەی پەیمانی تەواوەتییان لەو حەفتا حۆرییەی بەهەشت وەرگرتووە ، عەرەب دەڵێت چۆلەکەیکی ناو دەست باشترە لەدەیان چۆلەکە لە سەر دارێك ( عصفور فی الید خیر من عشره علی الشجره )

گریمان هەر حەفتا حۆرییەکە لەچاوەروانی ئەودا بن ،هێشتا بۆی نییە ڤیزەی بەهەشت بەدەست بێنی وخۆی بکا بەژوورا چوونکە بە پێی ئەو ئاینەی کە پەیرەوی دەکات ،خۆ کوژ بێ بەشە وبێ بەرییە لەبەهەشت ،جا نەخاسمە ببێتە هۆی لەدەستدان وکوشتنی سەدان کەسی بێتاوان وبەستەزمان ،وسەدان دایك وخوشکی رەشپۆش کردبێت ،و دەستی بەخوێنی ئەو زارۆکانە سوور بووبێت ،کەرۆژانە شەقامەکان دەستیان دەگرێت و دەیانپەرێنێتەوە ئاخر بەردو شەقام لەوان بە هەست ویژدان ترە ،زارۆکەکان پۆل پۆل رەوانەی ماڵ دەکا،ئاخر گوناهی ئەو هەرزەکارانە بەئەستۆی کێ ،بەدوای چانسی کاردا دەگەرێن و بەخەمی بێ بژێویوە دەتلێنەوە وهێشتاکە رازیین بەژیان ،هۆ دەستی رەش تۆ لەبۆگەنی ناختدا و لەکەڵەکەبوونی رق و کیینە لەسەر چوار چێوەی هزرو نەستتدا ،کە لە ناپاکیتدا هیچ ئومێدیکت نەماوە بەژیان ،لەجێی ئەوەی سروشت تەباوگوڵ باران کەیت ،بۆ ژەهروو بۆمبی تێدەگریت ، ئەمە جەنگی بەرژەوەندییەکانە ئەو کەسانەی کەمێشکت دەشۆنەوە تاکە مەرامیان گەشتنە بەکورسی حوکم و دەسەلاّت وهیچی تر ،

ئەم کردانە جەنگ و ململانێی نێوان هێزی خێر و شەرە،هیزی خێر ئەو مرۆڤانەن کە دڵ ودەروونیان پاکە وهیوای شادی دەخوازن بۆ مرۆڤایەتی ،بەم چەشنە دەبنە پارێزەری بەها مرۆییە گشتییەکان ، چونکە بە هێزی بازوویان کار دەکەن و هیوایان بە ئایندە هەیە، بەلاّم هێزی شەڕ ئەو هێزەیە لە پێناو رق و کینە و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی دەجەنگێت و بەرەنگاری سروشت و جوانی و کردە باشەکان دەبێتەوە بۆ بەدەستهێنانی زیاتر و لە پێناو کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە بەو پێیەی کە خودی خۆی دەیخوازێت و لێی سوودمەندە هەمیشە دەمامك لەسەر راستییەکان دادەنێت، بە چەشنێك دەیەوێت بە رووخسارێکی پیرۆز و سەرنج راکێش دا خۆی بە خەڵکی نیشان بدات، بێ ئەوەی بزانێت رۆژێك دادێت دەمامکەکان هەڵدەماڵرێن چیدی ئەوەندە ڤێزەوەن دەبێت لەلایەن کۆمەڵگاوە بە رادەیەك لە هیچ شوێنێك جێگای نابێتەوە، هێزی شەڕ ئەو هێزەیە کە ویژدانی نییە و رێنمایی هیچ یاسایەکی مرۆڤانە ناکات دیارە پرۆسەی ئازادی عێراق و نەمانی دیکتاتۆری حەوت سەر و هەماهەنگی نێوان هێزە شەڕخواز و بەرژەوەند خوازە دراوسێکان دەرگایان لەسەر تیرۆر والاّ کرد بە پشتگیری کردن و هاندان و ناردنی بە کرێ گرتەکانیان بۆ عێراق و لەم گۆڕەپانەدا ئاگری رق و کینەی خۆیان جۆش دا بەرامبەر بە مرۆڤایەتی درێغا مورتەزەقەکانی سەدام دەبوایە پاش وەدەرهێنانی سەرکردە تێکۆشەرەکەیان لەو کونە تاریکە کە روو رەش و دەست سوورە بە خوێنی ملیۆنەها هاوولاّتی بێتاوان و بێدەسەلاّت نەدەبوو خۆیان بەخەڵکیدا بتەقێنەوە بەڵکو لە شەرمەزاریدا دەبوو رووی خۆیان رەش کەن و بە

بەر چاوی هەموو مرۆڤایەتی پۆزش بخوازن، پاشان بڵێن ئیدی جێیەك نییە ئێمە لە ئامێز بگری، پاش ئەو هەموو ریسواییەی کە بەسەریان داهات دەبوو وانەیەك فێربن، کە هەموو دەسەلاتێك هەر چەندە بارستایی هەبێت دەرووخێت و دەپووکێتەوە، کورد گوتەنی: جام کە پڕ بوو لێی دەرژێت، ئەم هێرش و دوژمنکارییەی بەسەر کورددا دەکرێت هەموو کوردێکی لا ئامانجە، ئیدی گرنگ نییە کێ دەپێکێت، سەرکردە بێت یاخود مامۆستا هەژار بێت یاخود زەنگین گەورە بێت یاخود منالْ، گەواهی ئەم راستییە لە زنجیرە کارە تیرۆریستییەکانەوە بەدەر دەکەوێت لەماوەی پێشوودا روویدا کارەساتی یەکی شوبات کە لە بارەگای هەردوو حزبدا روویدا، 4ی مارس یا ئەەو مینانەی رۆژانە لەسەر رێگاکاندا دادەنرێن، بۆ بنبڕکردن و کەمکردنەوەی ئەم کارە زیان بەخشانە پێویستمان بە یەکگرتوویی و توندوتۆڵی هەیە پێویستە دەزگاکانی ئاسایش پتر دڵسۆزی و ماندوویی بنوێنن، چونکە ئەوان لەم هێرشە دڕندانە ئامانجی سەرەکین، لەهەمان کاتدا هوشیاری هاوولاتییان رۆڵێکی گرنگ دەبینی لەم بوارەدا پێویستە هەر تاکێك لە کۆمەڵ یەك چاو بکات بە دوو و هەماهەنگی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس بکات، ئاخر بۆ دەبێت هاوکار نەبین لە کاتێکدا ماڵێك نەماوە لەم شارە رۆڵەیەك و دوان و سیانی بەدەستی رەشی تیرۆر تیانەچووبێت، تاکەی بڕوانینە مەرگی ئازیزان و دۆست و هاوڕێی و منداڵانمان و نەیەینە گۆ ئەمڕۆ تیرۆر هەموو جێگایەك دەتەنی بازاڕ شەقام قوتابخانە دام و دەزگا حزبی و حکومییەکان و هەر هەموومان لەو بوارانەدا کار دەکەین، بۆیە گرنگە هوشیار بین و رێ لە رووداوەکان بگرین.